# نازەنین فاتیحی لە نەتەوە یەکگرتووەکان

نورەدین وەیسی

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی پێداچوونەوەی بڕیاری لەسێدارەدانی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجێی شاری کەرەج نازەنین مەهابادفاتیحی، کەمپینی پشتیوانیکردن لەوکچە کوردە بەسەرپەرشتی شاجوانی پێشووی کەنەدا وگۆرانیبێژو چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆ نازەنین ئەفشین پەرەی بە چالاکییەکانی داوەو بەگەرمی لەجموجۆڵدایە ،لەم رووەوە ڕۆژی هەینی25/8/2006 لەبارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لەنیویۆرك وەك پاڵەوان وچالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ ڕێز لەنازەنین ئەفشین نراو خەڵاتکرا، هەرهەمان ڕۆژ بۆ ڕێزنان لە هەوڵ وکۆششەکانی ئەو خانمە کۆنسێرتێك لە Union Square Park لەنیویۆرك بەڕێوەچوو، لەوێدا نازەنین ئەفشین لەپەیڤێکدا بەدرێژی تیشکی خستە سەر کەیسی نازەنین فاتیحی ، لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ تەلەڤزیونی CBC ی کەنەدی نازەنین ئەفشین شادی وبەختەوەری خۆی بە وەرگرتنی خەڵاتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربڕی و دووپاتیشی کردەوە کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی بەدنیا ناساندنی پرسی نازەنین فاتیحی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە سیناتۆری کەنەدی ڕۆد زیمەر وپەرلەمانتار خاتوو بلیندا ستڕۆناج دەستیان بەهەڵمەتێکی کۆمەك کۆکردنەوە بۆ نازەنین فاتیحی کردووەو دەستەیەکی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

Nazanin Fatehi Trust Fund
PO Box # 1343 STN. B
Ottawa, Ontario K1P 5R4

بڕیارە ڕۆژی 30/8/2006 دادگای قەرەقۆشی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە بڕیاری دڕندانەی لەسێدارەدانی نازەنیندا بچێتەوە ، هێژای وەبیرهێنانەوەیە کە لە مارسی 2005 لە پارکێکی شاری کەرەجی نزیك تاران سێ گەنج هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەر نازەنین وخوشکەزایەکی دەدەن وئەویش بۆ بەرگری لەخۆکردن یەکێکیان بەچەقۆ بریندار دەکات وپاشان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات ، لە 3 ی جانیوەری 2006 بڕیاری لەسێدارەدانی نازەنین دەدرێت. لەوکاتەوە کەمپینێکی جیهانی بۆ ڕزگارکردنی گیانی نازەنین لە ئارادایەو تا ئێستا پتر لە دووسەد هەزار واژووی بۆ ئەم مەبەستە کۆکردۆتەوە .